دونیا لوقمان:

# هەمووومان وەک ئەندامانی یەک خێزان حەزمان لە یاریی بەرزکردنەوەی قورساییە

یەکێک لە یاریزانە بەتواناکانی یاریی بەرزکردنەوەی قورسایی لە شاری هەولێرو کوردستان و عێراق و عەرەبە کە توانیویەتی چەندین ئەنجامی باش لەسەر ئاستی عەرەبی بەدەست بهێنێت، دونیا لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٣ی شاری هەولێرە وماوەیەکی زۆرە لە ڕێگای باوکیەوە هاتۆتە نێو یارییەکانی بەرز کردنەوەی قورسایی لە کێشی خۆی لەگەڵ یانەی ئافرەتانی هەولێر ئەنجامی بەرچاوی زۆری بەدەستهێناوە ناوبراو قوتابی ئامادەیی پیشەسازییە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی کرد.



دیمانە: کارزان کانەبی

***ئاستی یاریی بەرز کردنەوەی قورسایی چۆن دەبینی بەشێوەیەکی گشتی؟**

- یارییەکی تا بڵێی باشەو ئاستی لە بەرەو پێشچووندایە بەهیوای ئەوەم کچە یاریزانی دیکەیش روو لەم یارییە بکەن بۆئەوەی پاشەڕۆژی ئەم یارییە زیاتر گەشاوەبێت و ئێستا رۆژ بەڕۆژ ئاستی ئەم یارییە باش دەبێت و یاریزانیش زیاتر رووی تێ دەکەن.


*** بەبۆچوونی تۆ چی بکرێت باشە بۆ بەرەو پێش بردنی ئەم یارییە لە کوردستان؟**

-زیاتر گرنگی بە ئافرەت بدرێت بۆ ئەم یارییە، چونکە ئەمە یارییەکی قورسە هەموو ئافرەتێك بەشداری ناکات، هۆڵی تایبەت بکرێتەوە و خزمەتی بەردەوام بە ئافرەتان بکرێت و قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان دەبێتە هۆکارێکی باش بۆ گەشە کردنی ئەم یارییە لە کوردستان.

*** بۆچی ئەم یارییەت هەڵبژارد؟**

- ئەوەی راستی بێت لە رێگای باوکی خۆشەویستم کە خۆی راهێنەری بەرز کردنەوەی قورساییە بۆیە منیش ویستم رێچکەی ئەو بگرم و ئەویش هانی دام بۆهاتنە نێو ئەم وەرزشە.

***دەڵێن نێو خێزانێکی وەرزشکاران هەمووتان وایە؟**



- بەڵێ لە ساڵانی هەشتاکانەوە باوکم وەرزش دەکات و منیش ماوەیەکی زۆر هاتوومەتە نێو ئەم وەرزشە و خوشکێکی بچووکیشم ئێستا هاتۆتە نێو ئەم یارییە براکانیشم وەرزشکاران ئێمە هەمووومان خولیای زۆرمان هەیە بۆوەرزشکردن.

***چی بکرێت بۆئەوەی ئافرەتان زیاتر روو لە وەرزش بکەن؟**

- ئەوەی راستی بێت ئافرەتی وەرزشکار توانای باشی هەیە پێم باشە زیاتر تواناکانی ئەو ئافرەتە وەرزشکارانە بهێننە پێشەوە کە خولیایان هەیە بۆ وەرزش و خۆیان دزیوەتەوە لە وەرزش کردن و گرنگی باش بە وانیش بدەن ئاستی وەرزش باش پێشدەکەوێت.

*** ئەم وەرزشە گرانە بۆ ئافرەتان تا ئێستا تووشی هیچ کێشەو گرفت و کاری نەخوازراو نەبوویت لەم وەرزشە؟**

- تاکو ئێستا سوپاس بۆخوا هیچ کات تووشی رووداو کێشەو گرفت نەبوومەتەوە ئەوەش بۆ زیرەکی راهێنەرەکەم دەگەڕێتەوە.

***بەرنامەت چییە بۆداهاتووی خۆت وەکو کچە وەرزشکارێك لەم یارییە؟**

- بەرنامەی ئەوەم هەبوو پەیمانگای وەرزشی تەواو بکەم و سێ ساڵ کاری خۆم لەسەر وەرزش کردن دانا کەچی منیان

وەرنەگرت لە کاتێکدا من پاڵەوانی عەرەبم لە بەرزکردنەوەی قورسـاییی من هەرگیز ئەوەم لە بیــر ناچێت و بە غەدری دەزانم.

*** خاوەنی چەند ئەنجامی باشی وەکو یاریزان؟**

- مــن جگە لەوەی پاڵەوانی کوردســتان و عێراق و عەرەبم خاوەنی ٢١مەدالیای جۆراوجۆرم وەکو یاریزان .

***هیواو ئاواتت وەکو کچە یاریزانێك؟**

- بەهیـــوای ئەوەم گرنگیی باش بــەم یارییە بدەن و منیش بە پشــتیوانیی خوای گەورە بتوانم بەشداری لە پاڵەوانێتیی ئاسیا بکەم لە داهاتوو ناوی خۆم و کوردستان بەرزکەمەوە.

*** چی بەو کچانە دەڵێیت کە لە وەرزش کردن دوورن؟**

- بەهیوای ئەوەم ئەوانیـــش بێنە نێو بواری وەرزش، چونکە بــە وەرزش دەتوانن تواناکانی خۆیان نیشــان بدەن و هەر بەم وەرزشەش دەتوانن ناوی خۆیان وڵاتەکەیان بەرز کەنەوە.

***یانەی ئافرەتانی هەولێر هاوکاریتان دەکەن؟**

- بە سوپاســەوە بە پێی پێویست هاوکارمانن بەهیوای ئەوەم هەمــوو لایەك گرنگی بە یارییەکانی تاکی ئافرەتان بدەن.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتایی ئێمە هیچمان نەماوە؟**

- بەهیوای ئەوەم لایەنی بەرپــرس گرنگیی باش بە یارییە تاکــەکان بدەن، چونکە چەندیــن یاریزانی بەتواناماان هەیە لە یارییــە تاکەکان ئەگەر تۆزێك گرنگیان پێ بدرێت دەتوانن ئەنجامی باش بەدەست بهێنن.





# ئاشتیخوازانی جیهان لە ماراسۆنی نێودەوڵەتی هەولێردا کۆبوونەوە

چالاکییەکانی ســێیەمین ماراسۆنی نێودەوڵەتیی هەولێر بە بەشداری نزیکەی ٧٠٠٠ کەس لە ٥٥ وڵاتی جیهانی، لەلایــەن ئەنجومەنی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی کوردســتان (IKNN) بەهاوکاری پارێزگای هەولێر و بە سپۆنســەری کۆمپانیاکانی (سامســۆنگ) و(جیبال) و (ئاوی ڕۆڤیان) و (پیپســی کۆلا) و (کۆمپانیای سایبیــی پەروەردەیی) بەڕێوەچوو.

ماراســۆنەکە لە سەر شەقامی شەســتی بەرامبەر تەلاری پەرلەمانی کوردستان لە ژێر دروشمی (با ڕاکەین لە پێناوی ئاشــتیدا) دەستی پێکرد، کە جۆرەکانی ماراسۆنی تەواو ٤٢,١٩٥ کم و ماراسۆنی ١٠کم و ڕاکردنی خێرانی لە جۆری ٤ کیلۆمەتری لەخۆگرت.

ئەنجامەکانیش بەم شێوەیە بوو:

براوەکانی سێیەمین ماراسۆنی نێودەوڵەتی هەولێر

ماراسۆنی تەواو ٤٢,١٩٥ کم

**پیاوان**

١- ڤنسنت سیریۆت – وڵاتی کینیا – بەماوەی ٢ سەعات و ٣٣ خولەك و ٤٩ چرکە

٢- نەشوان زەکی ئیبراهیم - پارێزگای موسڵ - ٢ سەعات و ٣٧ خولەك و ٤٨ چرکە

٣- عەلی ئەحمەد ساڵح – پارێزگای سەڵاحەدین – بە ماوەی ٢ سەعات و ٥٢ خولەك و ٥٤ چرکە

٤- موسلیم حەنەش – پارێزگای بەسرە – ٢ سەعات و ٥٥ خولەك و ٣١ چرکە

٥- حوسێن محەمەد موحسین- پارێزگای بەسرە – بە ماوەی ٢ سەعات و ٥٦ خولەك و ٢٠ چرکە

**ئافرەتان**

١- فرنسی کیبکۆری – وڵاتی کینیا – بە ماوەی ٣ سەعات و ٢٥ خولەك و ١٨ چرکە

٢- ئامال خزر- یانەی پێشمەرگەی سلێمانی – بەماوەی ٣ سەعات و ٥٩ خولەك و ١٢ چرکە

٣- ئۆلگا ئۆکارا – وڵاتی رووسیا – بەماوەی ٤ سەعات و ٢٥ خولەك و ١٦ چرکە

ڕاکردنی ١٠ کیلۆمەتر

**پیاوان**

١- عومەر عەلی عەبد – بەغدا

٢- حەمزە جەواد – بەسرە

٣- مونتەسەر حەسەن عەلی- پارێزگای سەلاحەدین

**ئافرەتان**

١- فەرەح ناز صدیق - سلێمانی

٢- تەبارك فەیسەڵ – بەغدا

٣- فاتیمە عیسام – بەغدا

شایانی باســە چەند مانگێك لەمەوبەر دەزگای «Association of International Marathons and Distance Races»ی جیهانی بەرەســمی دانی بە ماراســۆنی هەولێر ناوە، وەك یەکێك لە ماراسۆنە نێودەوڵەتییەکانی جیهان، لە کاتێکدا هێشــتا هەندێ لە وڵاتانی ناوچەکە نەیانتوانیوە لەســەر ئاســتی نێودەوڵەتی ماراسۆن ئەنجام بدەن. ڕێکخەری گشتی ماراسۆنی نێودەوڵەتی هەولێر عەبدولستار عیسمەت رۆڵێکی سەرەکی هەبوو، ماراسۆنی هەولێر لەسەر ئاستێکی نێودەوڵەتی تۆماربکات و ناوی بچێتە نێو بۆنە وەرزشییە جیهانییەکان.

# راول ئەلبیۆل ئامانجی بەشداریکردنی مۆندیانی بەرازیلە




یاریزانی هەڵبژاردەی ئیسپانیا ویەرگریکاری یانەی ناپۆلی راول ئەلبیۆل خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بە نیشتەجێبوونی لە ئیتالیا دوای ئەوەی لە هاوینی رابردوو لەیانەی شـــاهانەوە بەرەو یانەی ناپۆلی گوازرایەوە....ئەلبیۆل لەلێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی تی ڤی ئی ئیسپانی گوتی : تا ئێستا زۆر خۆشحاڵم بەژیانی ئیتالیا و تاقی کردنەوەم لەگەڵ یانەی ناپۆلی هەیە و چێژ لە گشت ساتەکان وەردەگرم و هەوڵ دەدەم گشـــت تواناکانم بخەمە گەڕ بۆ بەدەست هێنانی سەرکەوتنی یانەکەم.
هەروەها ئەو بەرگریکارەی ناپۆلی ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە تیپەکەی لە خولی ئیتالیا و پاڵەوانییەتی یانەکانی ئەوروپا ئەنجامەکانی دڵخۆشکەرن، بەتایبەت بەهەبوونـــی راهێنەرێکی وەکو بینیتز کە رۆڵێکی گەورەی هەیە لەســـەرکەوتنی یانەکەو لەهەمووشی خۆشتر بوونی هەردوو یاریزان کالیخۆن و هیگواین لەیانەکە زیاتر دڵخۆشیکردووە.
لەکۆتایی قسەکانیدا راول ئەلبیۆل ئاشکرایکرد کە لەئێستادا هەوڵی سەرەکیی جێگیرکردنی خۆیەتی لە پێکهاتەی هەڵبژاردەی ئیسپانیا بە ئامانجی بەشداریکردن لە مۆندیالی بەرازیلیی ٢٠١٤.

# بۆ بەدەستهێنانی تۆپی زێڕین.. فیفا ٢٣ یاریزان دەست نیشان دەکات






# پلگرینی: لەکۆتاییدا هاتمە ئەو بڕوایەی جۆ هارت دوور بخەمەوە

ماڵپەری سپۆرت مۆڵی وەرزشی بڵاوی کردۆتەوە مانوێل پلگرینی ڕاهێنەری یانەی مانچستەر ستی ڕایگەیاندووە کە لەدواساتەکاندا هاتە ئەو بڕوایەی جۆ هارت گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی ئینگلتەراو یانەی مان ستی پێگەی خۆی لە پێکهاتەی سەرەکیی یانەکە لەدەست بدات بەهۆی هەڵە کوشندەو دووبارەکراوەکانی کە چەندین گۆڵی لێ تۆمار کراوەو بۆتە هۆکاری شکستی یانەکە و نیشانەی پرسیار لەلایەن چاودێرانەوە.

هەروەها ماڵپەری ناوبراو ئاماژەی بەوەکردووە کە پلگرینی تا یاریی یانەکەی بەرامبەر چێلسی متمانەی بە جۆ هارت هەبوو، بەڵام دوای ئەوەی دووبارە هەڵەیەکی کرد بەهۆیەوە بوە هۆی تۆمارکردنی گۆڵی سەرکەوتن لەلایەن یاریزانی چێلسی فرناندۆ تۆریس بەدۆڕاندانی یانەکەی لە دوا ساتەکانی یاریەکە. بەم هەنگاوەش هەل بۆ گۆڵپارێزی ڕۆمانی یەدەگ کۆستل بانتیلیمون دەڕەخسێت کە بەشێوەیەکی سەرەکی یاری بکات لەیاریی داهاتووی یانەکەی بەرامبەر نۆرویتش سیتی، بۆیە گەر کۆستل بتوانێت جێگای خۆی بکاتەوە ئەوا دەچێتە پێکهاتەی سەرەکیی یانەکەو شوێنی جۆهارت دەگرێتەوە.

یەکێتیی تۆپی پێی جیهانی فیفا بە فەرمی ناوی ٢٣ یاریزانی ئاشکراکرد کە پاڵێوران بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی باشترین یاریزانی جیهان (تۆپی زێڕین) بۆ ساڵی ٢٠١٣، ئەم لیستەش کەمدەکرێتەوە بۆ ٣ یاریزان لە ڕۆژی ٢٠١٣/١٢/١، ئەم خەڵاتەش بە هاوبەشی لە نێوان فیفا و گۆڤاری فرانس فوتبۆڵی فەرەنسی دابەش دەکرێت.

هەردوو یانەی بایرەن میونیخی ئەڵمانی پاڵەوانی ئەوروپا و هەڵگری نازناوی خولی ئەڵمانیا و جامی ئەڵمانیا لەگەڵ یانەی بەرشەلۆنەی ئیسپانی زۆرترین ژمارەی یاریزانانی ئەم لیستەیان بەبەرکەوتووە، ٦ لەیاریزانانی یانەی بایرەن میونیخ و ٤ لەیاریزانانی یانەی بەرشەلۆنە، لەگەڵ ٣ یاریزانی یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی و ٢ یاریزانی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، ئەمەش ناوی ٢٣ یاریزانەکەیە کە یەکێکیان لە ڕۆژی ٢٠١٤/١/١٣ خەڵاتی تۆپی




زێڕین وەردەگرێت:

*یانەی بایرەن میونیخ : فرانك ریبێری – ئاریان ڕۆبن – مانویل نۆیەر – فیلیب لام – تۆماس مۆلەر – باستیان شڤانیشتایگەر

* یانەی بەرشەلۆنە : لیۆنیل میسی – نیمار دا سیلڤا – ئەندرێس ئەنێیستا – زاڤی هێرناندیز

* یانەی پاریس سان جێرمان : زلاتان ئیبراهیمۆڤیج – ئەدینسۆن کاڤانی – تیاگۆ سیلڤا

* یانەی ریال مەدرید : کریستیانۆ ڕۆنالدۆ – گاریس بیل

* یانەی ئەرسنال: مەسعود ئۆزیل

* یانەی چێلسی: ئەدین هازارد

* یانەی مۆناکۆ: رادمێل فالکاو گارسیا

* یانەی مانچستەر سیتی: یایا تۆرێ

* یانەی مانچستەر یونایتد: ڕۆبن ڤان پێرسی

* یانەی یۆڤانتس: ئەندریا پێرلۆ

* یانەی لیڤەرپول: لویس سوارێز

* یانەی بروسیا دۆرتمۆند : ڕۆبەرت لیڤاندۆڤسکی

لەلایەکی دیکەوە فیفا لیستێکی بە ناوی ١٠ ڕاهێنەری ئاشکراکرد بۆ وەرگرتنی خەڵاتی باشترین ڕاهێنەری جیهان :

یۆب هاینکس (بایرەن میونیخ) – جۆزێ مۆرینهۆ (ریال مەدرید و چێلسی) – یۆرگن کلۆب (بروسیا دۆرتمۆند) – کارلۆ ئەنشلۆتی (پاریس سان جێرمان و ریال مەدرید) – رافایل بینیتیز (چێلسی و ناپۆلی) – ئەنتۆنیۆ کۆنتی (یۆڤانتس) – ڤیسینتی دیل پۆسکی (هەڵبژاردەی ئیسپانیا) – لویس فیلیپی سکۆلاری (هەڵبژاردەی بەرازیل) – ئارسن ڤینگەر (ئەرسنال) – سێر ئەلێکیس فێرگسۆن (مانچستەر یونایتد) .

# تازەپێگەیشتووانی هەولێر بوونە دووەمی عێراق لە تۆپی باڵە



هەفتەی رابردوو لە شاری کەربەلا کۆتایی بە پاڵەوانێتیی عێراق بۆ تۆپی باڵە لەسەر ئاستی تازەپێگەیشتووان هات، کە تیایدا هەشت یانە سەرکەوتن بۆ کۆتاییەکانی ئەم پاڵەوانێتییە و لە یاریی کۆتایی هەردوو یانەی تازەپێگەیشتووانی هەولێر و رومێسە رووبەڕووی یەکتر بوونەوە، لە یارییەکی بەهێزدا و بە یارمەتیی دەستەی ناوبژیوانی یارییەکە یانەی رومێسە توانی یارییەکە بە ئەنجامی (٣-٢) گێم بباتەوە و ببێتە پاڵەوانی عێراق.

لە لێدوانێکی تایبەتدا قەهار حوسێن راهێنەری تازەپێگەیشتووانی هەولێر لە شاری کەربەلا گوتی: لەم پاڵەوانێتییەدا یاریزانەکانمان ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کرد و دەتوانم بڵێم دەستەی ناوبژیوانان پاڵەوانێتییەکەیان لە ئێمە فڕاند و کردیانە دیاری بۆ یانەی رومێسە.

تازەپێگەیشتووانی هەولێر سەرەتا بەشدارییان لە یارییەکانی پاڵاوتن کرد، کە لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو شانبەشانی یانەکانی (پێشمەرگەی سلێمانی، سنجار، قەرەقۆش)، لە یارییەکانی پاڵاوتن یانەی هەولێر لە سێ یارییدا سەرکەوتنی تۆمار کرد بە ئەنجامی (٣-٠) گێم.

دواتر یارییەکانی قۆناغی کۆتایی پاڵەوانێتییەکە لە شاری کەربەلا بەڕێوەچوو، بە بەشداریی هەشت یانە ئەویش یانەکانی (هەولێر، شوعلە، شەترە، دەغارە، رومێسە، حەی، حور، سنجار) بەسەر دوو کۆمەڵە دابەش کران.

تازەپێگەیشتووانی هەولێر لە کۆمەڵەی یەکەم شانبەشانی یانەکانی (شەترە، شوعلە، حور) یاری کرد توانی لە هەردوو یانەی شەترە و شوعلە بە ئەنجامی (٣-٢) گێم بباتەوە و لە یانەی حور بە ئەنجامی (٣-٠) گێم بباتەوە.

لە یاریی پێش کۆتاییدا تازەپێگەیشتووانی هەولێر رووبەڕووی یانەی دەغارە بوونەوە و توانی یارییەکە بە ئەنجامی (٣-٠) گێم بباتەوە و لە یاریی کۆتایی بەرامبەر یانەی رومێسە بە ئەنجامی (٣-٢) گێم تووشی دۆڕان هاتن و پلەی دووەمی خولەکەی بەدەستهێنا.



# دیدار حامد بەفەرمی گەڕایەوە هەولێر

هەفتەی رابردوو لە بارەگای یانەی هەولێر، بەفەرمی دەستەی کارگێڕیی یانەکە گرێبەستی لەگەڵ گۆڵپارێزی بەتوانای شاری هەولێر دیدار حامد بۆ ماوەی دوو وەرز مۆرکرد بۆ ئەوەی لە خولی عێراق و کوردستان لە ریزی یانەی هەولێر یاری بکات.

دیدار حامد بۆ ماوەیەکی زۆر لە ریزی یانەی هەولێر یاری دەکرد لە وەرزی رابردوودا چووە ریزی یانەی زاخۆ بۆ ماوەی وەرزێك لەم یانەیە یاری کرد، دوای تەواوبوونی خولی عێراق ناوبراو گەڕایەوە یانەی هەولێر.

# کچانی کوردستان ئەنجامی بەرچاو لە پاڵەوانێتیی ڕۆژئاوای ئاسیا بە دەست دەهێنن

لە وڵاتی ئوردن پاڵەوانێتیی ڕۆژئاوای ئاسیا بۆ گۆڕەپان و مەیدان لەسەر ئاستی تازەپێگەیشتووان بۆ کوران و کچان بەڕێوەچوو، کە تیایدا هەڵبژاردەی عێراق بەشــداری لەم پاڵەوانێتییە کردبوو، لەم هەڵبژاردەیە چوار کچە یاریزانی کوردستان و دوو ڕاهێنەری کورد بەشدارییان کردبوو، توانیان ئەنجامی بەرچاو بە دەستبهێنن و ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن.

لــەم پاڵەوانێتییەدا ١١ وڵات بەشــداری کردبوو ئەویش هەریەکە لە (عێــراق، قەتەر، عومان، ئەردەن، بەحرێن، یەمەن، ســوریا، کوێت، ئیمارات، لوبنان، فەڵەستین)، هەرچوار کچە یاریزانی کوردستان ملوانەکەیان بەدەستهێنا بەم شێوەیە:

١-کچە یاریزانی یانەی هەولێر و هەڵبژاردەی عێراق مریەم عەبدولحەمید توانی ملوانکەی زێڕ لە بازی بەرز بە دەستبهێنێت دوای خۆهەڵدانی لە (١,٥١)م.

٢-کچــە یاریزانی یانەی هەولێر و هەڵبژاردەی عێراق تەمارا شــاکر توانی ملوانکەی زیو بە دەستبهێنێت لە ڕاکردنی ١٠٠م بەربەست.

٣-کچە یاریزانی یانەی ســیروانی نوێ و هەڵبژاردەی عێراق شــێنێ عەزیز توانی ملوانکەی برۆنز لە ڕاکردنی ٨٠٠م بە دەستبهێنێت.

٤-کچە یاریزانی یانەی سیروانی نوێ و هەڵبژاردەی عێراق لاڤە نەوزاد توانی ملوانکەی برۆنز بە لە پێشبڕکێ ڕۆیشتن دەستبهێنێت.

لــە لێدوانێکی تایبەتدا ڕێبوار محیەدین خۆشــحاڵی خۆی بەم ئەنجامــە دەربڕی و گوتی: کچەکانمان توانیان لەم پاڵەوانێتییەدا ئەنجامی باش بە دەستبهێنین، کە بووە جێگەی خۆشحاڵی هەموو لایەك و داوڕۆژێکی گەش چاوەڕوانی ئەم کچە یاریزانانە دەکات، بەڵام پێویســتیان بە بایەخدان هەیە و کردنەوەی ئۆردوگای مەشــقی و دابینکردنی پێداویســتییەکانیان بۆ ئەوەی ئاستیان بەرزتر بێت لە پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییەکاندا.






# هەڵبژاردەی کیک بۆکسێنی کوردستان ملوانکەی زێڕ و برۆنز و زیو بە دەست دەهێنێت

لە وڵاتی یۆنان پاڵەوانێتیی کیك بۆکســێنی جیهانی بە بەشداری ٤٤ هەڵبژاردە بەڕێوەچوو، کە تیایدا هەڵبژاردەی کوردســتان بە ناوی کوردســتان و ئاڵای کوردســتانەوە بەشداری لەم پاڵەوانێتییەدا کرد بۆ یەکەم جار لە مێژووی کوردستاندا و توانیان دوو ملوانکەی زێڕ و ملوانکەی زیو و دوو برۆنز بە دەستبهێنین.

لە کێشــی ٨٠کگــم (lo kek) یاریزانــی هەڵبژاردەی کوردستان تاریق فاروق توانی ملوانکەی زێڕ بە دەستبهێنێت دوای ئەوەی لــە یاریی کۆتایی لە یاریزانی هەڵبژاردەی کۆسۆڤۆی بردەوە.

لە کێشی (٧٠)کگم (full contact) یاریزانی هەڵبژاردەی کوردســتان (شەکیب یەحیا ) توانی دووەم ملوانکەی زێڕ بۆ هەڵبژاردەی کوردستان بە دەستبهێنێت دوای ئەوەی لە یاریی کۆتایی لە یاریزانی بەلژجیکی بردەوە.

لــە کێشــی (٨٠)کگــم (full contact) یاریزانــی هەڵبــژاردەی کوردســتان ئەحمەد ئیدریــس توانی پلەی دووەم بە دەســتبهێنێت دوای ئەوەی لــە یاریی کۆتایی لەگەڵ یاریزانی هەڵبژاردەی لوبنان تووشی دۆڕان هات و ملوانکەی زیوی بە دەستهێنا.

هــەردوو یاریزانی هەڵبژاردەی کوردســتان زانا حەربی و هۆگر محەمەد توانیان ملوانکەی برۆنز بە دەستبهێنن لە کێشی خۆیاندا.

هەروەهــا یاریزانی هەڵبژاردەی کوردســتان فینۆ حەمید لــە یەکەم یاریدا تووشــی دۆڕان هــات وماڵئاوایی لە پاڵەوانێتییەکە کرد.